# تاکەی دەسەڵاتی کوردی گەمە بە چارەنوسی تاکی کورد دەکات ... خاڵەحەمە

ئەوەی ئاشکرایە دوو دەسەڵاتی دژ بەیەک لەگەڵ چەند لایەنیکی تر لە گۆڕەپانەکەی کوردا بەهەر هەمویان یاری بەچارەنوسی کورد ئەکەن بەبێ ئەوەی کەسیان بەرپرسیاری هەڵبگرن و وەک بەرزەکی بانانیش دوای هەموو داچونێک و دۆڕانێک بۆیدەرئەچن و کەدێشنەوە وەک دەسەڵات دینەوەو کاسەئاردەکەی خۆیان لەسەری ئێمەدا ئەشکێنن، ئێمەی شکست خواردوش پێیان رازی ئەبینەوەو هەمدیسان هەمان ڕیسەئاڵۆزەکەی ئەوان دەرێسینەوەو هەر خەریکی بادانی ئەوخەرەکەین کەئەوان داویانەتە دەستمان.
ئێمەشگێل و حەپۆل مێشخۆرین!!هەرچی ئەوان بڵێن دەست لەسەرسنگ بۆیان رائەوەستین و بەبێ چەندوچون فەرمانەکانیان بێ کەم وکوڕی بەجێ ئەهێنین، لەبەردەرگایاندا دەبینە پاسەوان تادوژمنان زەفەریان پێنەبەن. دەبینە پیاوکوژیان تاخۆیان لە دوژمنایەتی بپارێزن وکێشەکە توشی ئێمەبکەن.. چیمان پێناکەن ئەم بێدڵە بێبەزەییانە.. بەدرێژی ژیانی خۆیان وباوباپیریان شۆڕشیان پێ نوێ کردوینەوەو بەبێ رەزامەندی ئێمەش شۆڕشیان کپکردۆتەوە خۆ ئەگەر هەڵهاتبن لەدوورەوە چاوەروانیان کردوە کە هەلێکیان بۆ هەڵبکەوێت و بێنەوە سەر خوانی چەورو ئامادەکراو دەستبکەنەوە بەدژایەتی یەکتری، مێژووش شادەیەکی زیندوە بۆ هەموو کارە دژوارەکانیان کە ڕووبەڕووی یەکتر ئەنجامیان داوەو سکاتەکەشی هەر میللەت داویەتی، گیرفانی خۆیان پڕ کردووەو ماڵی کوردیش وێران، کۆشک و تەلاری خۆیان بەئاسمانا هەڵشاخاندوەو خانوە قورینەکەی کوردیشیان کردوە بەکەلاوە... هتد.
بەڵام بۆتەنها جارێک لەهەڵەی تاکێکی کورد نابورن لەکاتێکدا تاتەوقیسەری خۆیان هەڵەی گەورەگەورەیە کە چەندا ساڵ لەسەربەخۆیی دووری خستوینەوە، من نازانم دەسەڵاتی کوردی چنازێک دەکات بەسەر کوردی هەزارا کەتابینەقاقای خۆیان گەندەڵی و خواروخێچییە، ئاخر کەی خەباتی کاکی پێشمەرگە و ئەم کوردە چارەڕەشە بۆ ئەم رۆژە ڕەشە تاریکە بووە کە چارەنوسیان داوینەدەست چەندقەمەوەشێنێک و مێزەربەسەرێک کە لەخۆیان بێ دڵترن لە ڕوومانداو هەرگیز نایانەوێت دەستمان هەبێت سەرمانی پێبخورێنین.
لەوروانگەیەوە ئەڵێم یاخوا میللەت لەدەسەڵات نەبێتە دووژمن چونکە نازانیت کام کوڕ کام کچ کام پیر کام منداڵ ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو سەریان ئەدات لەزەوی.. لەسەرێکیترەوە دەسەڵات چی پێدەکرێت گەر هەژاران و ڕەنجدەران و تەواوی چین و توێژەکانی میللەت دژیان ڕابوەستن.. چەند ساڵ دەتوانن بەرگەی تورەیی خەڵکی ستەمدیدەی کورد بگرن.. چەند ساڵ ئەتوانن رۆشنبیران دەمکوت بکەن و بە زیندان و (حوکم) ی قەرەقوشی خۆیان داسەپێنن.
گەر ئامۆژگاری منیش وەرئەگرن تا گرۆڵەئاڵۆسکاوکە بەدەست و پای خۆتانا نەئاڵۆسکاوە لەکەلی نەفرەت وەرنە خوارەوەو دەرگای زیندانەکانتان بخەنەسەر پشت دەنا هەموو کورد ئەدۆڕێنن..

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی/٢٠٠٦/٢/١٣